# "داعش" چەتە نییە!

**سیروان کاوسی**

16/8/2014

ئەوانەی ناوی "داعش" بە چەتە دەدەنە قەڵەم، بەنەزانی، یان بۆ ڕاگرتنی دڵی عەرەبی سوننە و، سوننەی کورد بەتایبەتییە و، لەقەبارە و مەترسی ئەو ڕێکخراوە بەربڵاوە کەمدەکەنەوە کە خاوەنی دەیانهەزار چەکداری خوێنڕێژی تەیار و پۆشتەیە و، پشتیوانی ملیۆنان موسڵمانی عەرەبی سوننەی لەگەڵە. بە قوتکردنەوەی ئایەتی "ئەنفال"، ئامانجی عەرەبی سوننە بەهەموو لایەنەکانییەوە، داگیرکردنەوەی کەرکووک و ناوچەدابڕیندراوەکانە. لەبە رئەوە شەڕی داعش،شەڕی خاکە، شەڕی سوپا مردووەکەی کاتی ڕووخانی ڕژێمی سەددامە، کە ئێستا زیندووبووەتەوە و، بەرقوقینێکی زیاتر لەرابردوو بەئیدۆلۆژی ئیسلامییەوە، لەهەوڵی تووناکردنی کورددایە. سەرکەوتن، یان شکستی هەر لایەک لەبەرەکانی شەڕ، سنووری داهاتووی نێوان کورد و سوننە دیاریدەکات. بۆیە سەرۆکایەتیی سیاسی و سەربازیی کورد پێویستە هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ڕزگارکردنی دوابستی خاکی کوردستان.

بەچڕکردنی خەباتی دیپلۆماسی و خۆپێشاندانی بەرفرە لە نێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، داوای پشتیگیریی زیاتری نیونەتەوەیی بکرێت لەڕووی سیاسی و لۆجستیکییەوە، بۆ ئەوەی ڕێ لە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدی نەتەوەی کورد بگیرێت. هاوکات هەوڵی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی شەنگال بدری و داوای بەدەوڵەتبوونی کورد بکرێت، چۆنکە هەڕەشەی گەلکوژی و جینۆسایدی لەسەرە.

وەک خەمخۆرێکی نەتەوەی کورد، داوا و تکا لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و، پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەم، لەم دۆخە هەستیار و چارەنووسسازەدا، واز لە پرۆپاگەندەی حیزبایەتی و سووچبارکردنی یەکدی بهێنن، لەهیچ کات وسەردەمێکدا نەتەوەی کورد هێندەی ئەمڕۆ یەکگرتوو و یەکهەڵوێست نەبووە. ئاشکرایە، یەکخستن، یان دواخستنی ڕزگاریی کوردستان دەچێتە خانەی تاوانی نەتەوەییەوە، لەبەر ئەوە هەردوو لایان پێویستە خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرامبەر چارەنووس و سەربەخۆیی گەلەکەیان و هاوکاریی تەواوی یەک بکەن بۆ بەهێزترکردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لەهەموو ئاست و بوارێکدا.

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد لەپێناوی ڕزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!